تا کەی وەکوو گا جوتی لە نیری زیللەتی
سەد حەیف و سەد مخابن لای خۆت ئەتۆش میللەتی
سووری موو زەردی چاو شین نەکەی بە ئومێدی بی
ئەوەل بە قووەتی خۆت دووەم بە عەونی رەبی
عیلم و عەمەل خۆیەتی جەهل و تەمبەڵی مەرگە
پۆست و زەرگان فرێدەن وەعدی تۆپ و تفەنگە
بینە پۆلیس و عەسکەر بۆ خزمەتی مەفتەنی
سەعی و غیرەت بۆ وەتەن وەک روحە بۆ بەدەنی
دەماغی منداڵەکان پڕکەن لە حوبی وەتەن
تەربیەتیان باش بدەن میلیەتیا فێربکەن
هرچی سەرخۆشی بدا مەیخۆن و مەیخۆنەوە
ئێوە لە عەقڵ و لە ماڵ زۆر فەقیرن و بێ نەوا
بەقسەی جاهیلی نەفام بە مەکری شێخی جادو
لە رێگەی راست لامەدەن رێ یەکە نابی بە دوو
مەلا ئەگەر مەلابان میللەت بۆ چ وای لێ دەهات
ئاورپایی چی دەکرد لەسەر قیتعەی رۆژهەلات
نەوتی بابە گوڕ گوڕی چلۆن دەچێتە پارسی
ئاگری حەسرەت و مەندی لە دەروونم دایسی
بڵێن بە سیبەویهی[73] مازینی و [74] حالەوەیهی
کانی نەوتین لەکیس چوو بە ریشی نەفتەوەیهی[75]

٧٣- سیبەوەیهی: لە زانایانی ناوداری رێزمانی عەرەبی بوو، ساڵی ١٣٥ک هاتۆتە دونیا.

٧٤- مازنی: (ئەبو عوسمان بەکر المازنی) ساڵی (٨٦٢ز) کۆچی دوایی کردوە خەڵکی شاری (بەسرە) بووە، لە زانستی (صرف)دا کتێبی داناوە.

٧٥- نەفتەوەیهی: (ئیبراهیمی نەفتەوەیهی) زانای گەورەی رێزمانی عەرەبیە لە ساڵی (٨٥٩ز) لە بەغدا ژیاوە و ناوی دەرکردووە.

ئەتۆ خـودا پێم بڵێ مـامـۆسـتـای رووت و برسی
هیچ ئیشی تۆ پێک دێنێ شیـعری (إمروء القـیس)
کـەرامـەت کـەڵکی نەمـا لەگـەڵ تۆیو تەیارە
عـولەمـای تەبیـعی شـوێنیـان ئەوا دیارە
کـاکـە ئەم عـەسـرە نەمـا برام ئەو دەورە رۆیی
شـێخ لە هەوا دا فـڕی یان لە سـەر ئاوی رۆیی
درۆ فـائیـدەی نیـە وەعـدی بۆمـبـا بارانێ [٧٦]
ڕاکـە لەبۆ ئەشکەوتێ غـاردە بۆ بنە بانێ
بۆخـۆتان سـەعی بکەن نانێکو بێتـە دەستی
ئینسـانی مـەعـیـدە خـالی ناو زگی راناوەسـتێ
میللەت ئەگەر فـەقـیرێ ئاخر دەبێتـە ئەسیری
گوێ لە قسەی من راگرە ئەی مەردی رەوشەن و زەمیر
خـاکـو هەمـوو مـەعـدەنە، مـەعـدەنی زێڕو زیوی
پڕ لە لەعل و یاقـووتە ناو شـاخ و داخ و کـێـوی
ئەمما ئێـوە نازانن لەبەر گـێـژو دەبەنگی
ئەم زەمـرووت و یاقـووتە چلۆنتـان دێتـە چەنگی
حـاصلی عـەرزو دەکـەم بە ئەمـری (خـیـر الأنام)
دین و دنیـا رێک بخـەن نامـە تەمـام (والسـلام)

---

٧٦- مەبەستی ئەو شێخانەیە کەوایان بە خەڵق راگەیاندووە گەر ئینگلیز کۆیێ بۆمبا بارن بکا ئەوان وەکو تۆپی یاری بۆمباکان بە دەست دەگرنەوە کەچی کە قەوما ئەوان زووتر لە خەڵکی تر هەڵدەهاتن و خۆیان دەشاردەوە.

## عیسا له ئاسمان

عـیـسـا لە ئاسـمـان مـەهدی لەناو بیـر
ئـیـشـمـان شلۆقـە یاران چ تەدبیـر
نە ئەو دێتـە خـوار نە ئەم دێتـە دەر
دەجـالیش زۆرن گـشـتی سـوارکـەر
لە دێ و لەشـار سـەربەست ئەگـەڕێن
بـەنـاوی دیـنـی بـاش دەلـەوەڕێـن
ڕیش پان و درێژ مل قـەوی و شـان کـۆم
دوور بن لە دینی وەک (حایە) و (ناحۆم)[79]
دوویان دەکـەون پیـرێژن و منداڵ
بە غـار و سـەمـا بە جـەزبەو بە حـاڵ
پیـرێژنە کـۆنی قـون قـاڵب بە تاڵ
دووی دەجـاڵ دەچی وەک مـاینی بە فـاڵ

---

٧٩- حـایەو ناحـۆم: دوو جـولەکـەی ریش پان و درێژی شـاری کـۆیە بوون لە سـەردەمی مەلای گەورەدا.

وات بە تەمانە حەزرەتی شێخی
هەر بە فوویەکی تەیارە بێخی
ئەم فرتە فرتە هیچ و پووچ دەرچوو
ئۆباڵی میللەت یاشێخ بە میلی تۆ
ئێستێکەش میللەت هەر وەکو خۆنە
بە دڵ بە روح بەندەی تۆنە
تۆ سوننی یاشێخ بەسەری بابی
خۆت چاک دەزانی دەبیە وەهابی
سوننی تابیعی ئەمری خودانە
سوننی پەیڕەوی رەسوولەڵلاتە
سوننی سالیکی رێگەی سەلەفن
ظاهیر و باطن (نعم الخلف) ن
سوننی لەگەڵ یەک....... (٨٢)
بە درۆ و دەلەسە ماڵی یەک ناخۆن
رێگەی سوننیان زۆر رێک و راستە
ئەتۆ سوننی بی !، خودا نەخواستە

---

٨٢- ئەم نیوە دێڕە لە دیوانەکەدا بەم شێوە نوسراوە.

## تەریق (طریق)

تەریقی وا لایەقــە ئەمــڕۆ بۆ قــەومی کــوردان
جرت و پرت و هەڵپەڕین، لێکهاتن و تێکهەڵدان
کەیفی لێ بێ مام سۆفی هەر بە یەک دوو سانیە
هەزار تڕان بەر دەدا مــــەتەڕلۆزیش وا نیــــە
حەیا و ئادابیـان نەمـا، غیـرەت و نامووسیـان چوو
فـەلعـاتی ئەوتۆ ئەکـەن نە دیان کـردبێ نە جـوو
کـەرامـەتیـان کـردە تڕ، تڕیان کـردە کـەرامـەت
بە لەعنەتی خـودا بن لە دونیـا و لە قـیـامـەت
خـالیـدی شـارەزووری[٨٣] سـەر لە قـەبرێ بێنە دەر
تەمـاشـاکـە قـەومی تۆ چ دەردێکیـان هاتە سـەر

٨٣- مەبەست لە مەولانا خالیدی نەقشبەندییە. زانایەکی ئاینیی ناوداری کوردە، لە جیهانی ئیسلامیدا بە خواناسێکی پایە بڵند ناسرابوو، سۆفییەکی دڵ و دەروون پالک بووە، لە (١٧٧٩ز) لەدایک بووە و لە شام مردووە.

عیسا دێتە خوار ئەمڕۆ و سبەینێ

ئیش و کاری تۆ هەموو پێک دێنێ

لای مەلا وایە هەر کە مەهدی هات

خەلاتی بۆ دێ ،جبە بە قەلات

وا چاوەنۆڕی کە مەهدی بێتە دەر

خۆ هەر نەهاتیش، جەرگی بێتە دەر

رەببی مامۆستا هەر وا بناڵی

حەشری تۆ بکەن لەگەڵ دەجالی

ئەم باس و خواسە هیچ کەڵکی نیە

ئەمڕۆ بنوارە حاڵی تۆ چیە

عیلمێ بخوێنە بۆ ئۆمەت چا بێ

ئۆمەت و مەفتەن[٨٤] بە عیلمت شا بێ

هەتاکو ئومەت بەسەر بکەوێ

لەناو ئومەتان بەدەر بکەوێ

زاتێکی فەقیر، سۆفی مەشرەب

بێ حاڵ و ماڵ و بۆلشەویک[٨٥] مەزهەب

حەزرەتی عیسا چی کرد لەبۆ خۆ

کە هاتە خواری، چ دەکا بۆ تۆ

---

٨٤-(مەفتەن) بە لەهجەی کۆیە واتە وڵات. شایانی گوتنە کە لە ئاڤێستا بە هەمان شێوە بەکار هێنراوە. مەبەست ئەوەیە کە لە وشەی (موگن) ی عەرەبی وەر نەگیراوە. د. م م.

٨٥-(بۆڵشەڤیک) واتە حیزبی کۆمۆنیستی رووسیا.

کە داکی چاکی نەبی        سی سەد حەدیسی (نەبی)
چلۆن تەئسیری دەبی        وەک پف لە پەتک و سندان
دۆڵ و زوڕناو هەڵپەڕین        ژنی بۆ کوڕمان دێنین
زۆر پێ ناچێ دەبینین        شەڕو شوڕو تێک هەڵدان
ئەوەل خەزورو خەسو        تێ دەکۆشن دوو بە دوو
بەدزی یا روو بە روو        لێکیان دەکەن بە خەندان
ڕۆڵە ژنت تەڵاق دە        بۆت دەهێنم هەتا دە
لە کچانی بەگزادە        بیکەینە خەنە بەندان
دەبینی بوکی ساڵی        دەری دەکەن لە ماڵی
بە تای سۆڵ و بەرماڵی        بێ ئاوێنەو بێ کلدان
لە شەریعەتی رەسول        بێ عوزرەکی زۆر مەقبول
حەرامە قەتعی مەوسول        گوناهە دەست لێک بەردان
ژنیش وەک موزەکەرە        عەینی ئەویش بەشەرە
چاو لادانی لەسەرە        هەردوو لە یەک حوکمدان
وەزیفەی زۆر گەورەیە        دزانی ئەویش چیە
منداڵ بوون و تەربیە        بێ مەسخەرەو جوێن پێدان
ژنان قەد تەڵاق مەدەن        لەگەڵ یەک مومتەزیج بن
وەکو رۆح لەگەڵ بەدەن        بە ئولفەت و دڵشادان

## تۆی شێخی

شێخی ئەهلی سوننە و جەماعەت
بە هەموو فێڵ و کەید و تەماعەت
هەر وەکوو پاپا بەهەشت دەفرۆشی(٨١)
وەی قوڕت بەسەر گەلی بێ هۆشی
بۆیە سوننییە تا بڵێین قوتبە
خاوەنی پایە ساحیبی روتبە
بەڵێ تۆ قوتبی قوتبی ژنانی
دایم گەر دەخۆی لە دەوری نانی
بەڵێ تۆ سوننی، سوننی ددانی
تۆ ئەحوالی خۆت چاکتر دەزانی
بەڵێ تۆ سوننی ساحێبی کەرامەت
ئەتۆی شافیعی رۆژی قیامەت
لە سایەی تۆ و کەرامەتی تۆ
دین و دونیامان هەموو لەکیس چوو
بە ئومێدی تۆ پشتیان کردەوە
دەستیان بە گونت گۆیان بردەوە
دەت فەرموو فلان لە ناوی قەبری
رێگا لە کافر و بێ دینان دەگری
نایەڵی کافر بێنە بەغدایێ
ئێوە دانیشن چوو بەسەر نایێ

---

٨١- ئەم قسە ئاماژەیە بۆ سەردەمی چاخە ناوەندیەکان کە پاپاکانی رۆما چێکی پاکانە (صکوک الغفران) یان بە خەڵکی دەفرۆشت.

# تا کەی لە غەمت

تا کەی لە غەمت یەقەی کراسم بدڕم
نێزیکە لە دەرد و حەسرەتی تۆ بمرم
بۆ خاتری خودا لە پاشی مەرگم جار جار
ئاهێستە لە رووی وەفا وەرە سەر قەبرم

گەر مەرحەمەتێ بە من دەکەی سا بیکە
ئەم ماوە تەحەمولی جەفا چیدیکە
ڕۆژێکی خودا نەکات نەتبینم
بێشک هەموو دونیام لە نەزەر تاریکە

ئەبرۆی رەشی و کولمی سپی و چاوی ماوی
ئەی دڵ لە هەوای عیشق ئەتۆ چلۆن ماوی
بنوارە چلۆن چاوی لە من وەرگێڕا
نەک سورەتی من بچێتە ناوی چاوی

جارێکی لە من بپرسی چۆنی چ دەبی
جاری بە کەرەم لە من بڕوانی چ دەبی
وەختێکی کە بیستت لە جیهان چوومە دەرێ
گەر فاتیحەکم لە بۆ بخوونی چ دەبی

## تۆ خەلیفەی

تۆ خەلیفەی جەنابی شێخ عومەری[٨٩]
ئەدی مردیت مری بۆ هێندە کەری

شێخ عومەر زاتێکی منەوەرە بوو
خادیمی عیلم و شەرعی ئەنوەر بوو

شێخەکی عالی و نەفەس پاک بوو
تا بڵێی شێخەکی گەلێک چاک بوو

تۆ لەبۆ هێندە پیس و بەد ڕەوشتی
ئەحمەق و جاهیل و کەر و وەحشی

غەیری ڕیشی درێژ و بێ خەبەری
چت زیاد کرد لە هیمەتی عومەری

لە تەریقەت بە غەیری پوچی خەیاڵی
لە سواری هیچ نەبووی حاڵی[٩٠]

شەوق و زەق و تەریقەی نەقشی
سەفوەتی چی بە ڕۆحی تۆ بەخشی

غەیری ژن گان و بێوەژن هێنان
یان بەدووی نان کەوی وەکو دۆمان

---

٨٩- مەبەستی شێخ عومەری بیارەی نەقشەبەندیە.
٩٠- ئەم بەیتە شێواوە بۆمان ساغ نەبودوە.

## جەنابی شێخ

جەنابی شێخ، شێخی بە گەمان
دەمێ لە عەرزی دەمێ لە ئاسمان
کەرامەتی تۆ چی کرد لە کوردان
بە درۆ و دەلەسە چۆنت لێ تێکدان
تۆ وەکیلی خوای، وەک هەیکەلانی[٨٦]
دەستم دامێنت، شای گەلی گولانی
چی بەسەرت بێ بە ئەمری خۆتە
ئیرادەی خوایە، بە ئارەزووتە
بەدوای تۆ کەوتن، گێژ و سەرگەردان
بێ قەدر و قیمەت هەر وەکو دۆمان

٨٦- هەیکەلانی دێو یەکێکە لە کەسایەتیەکانی نێو داستانی ئەسکەندەرنامە. (ئەسکەندەرنامە) داستانێکی شیعری فارسییە کە لەنێو ماڵە خوێندەوارەکانی کۆیە و شارەکانی دیکەی کوردستان شەوانە دەخوێندرایەوە و کاتیان لەگەڵدا بەسەر دەبرد. شایانی گوتنە کە هەیکەلانی دێو یەکێک بوو لە کەسایەتیە هەرە بەدەکانی ئەسکەندەرنامە. م م م.

## جەنگی جیهانی [88]

ظهر فساد فی البر     وا بەحریشی هاتە سەر
پێکۆڵیانە بۆ شەڕی     مۆسۆلینی و هیتلەر

ئەڵمانیا قووتی دا     چیکۆسلۆفاکیا و نەمسە
وەکو جوولەکە ئەفسن     ئینگلیزو فەرەنسە

ئەڵمانیا و رووس رێکەوتن     پۆڵەندەیان تەقسیم کرد
بە زەرفی یەک دوو حەفتە     ئەویشیان لەناو برد

ئەوجار فەرەنسە ترسا     هاوار یا ئینگلتەرە
ئەگەر ئیمدادم نەدەی     دەچمە حاڵی غەرغەرە

ئەوجا هەردوو کەوتنە شەڕ     لەگەڵ زەعیمی ئەکبەر
ئەعنی هەڵۆی ئەڵمانی ئەعلا     حەزرەتی هیتلەر

ڕوحی قودسی ئەڵمانی     بە عینایەی بەزدانی
ئەوی ئارەزووی هێنا     لەبۆی هات بە ئاسانی

لە سەتوەتی هیتلەری     کوورەی ئەرزی دەلەرزی
مام ڕێوی حیلەباز     لە بۆ کونێ دەبەزی

ئاگری شەڕی هەڵ کرا     لە بەحرو بەرو سەما

---

٨٨- مەبەستی لە جەنگی جیهانیی دووەمە (١٩٣٩-١٩٤٥).

## ئێمە کوردین و شافیعی مەزهەب[٩١]

ئێمە کوردین و شافیعی مەزهەب (اشعري العقیدة) خۆش مەشرەب
میللەتێکین بە غیرەت و ناموس میللەتێکین بە ئەسڵ و فەسڵ ونەسەب
بەسیە تەحقیری میللەتی کوردی لای خودا ئێکە تورک و کوردو عەرەب
ئیمتیازی بەشەر لەسەر یەکدی نیە ئیلا بە عیلم و عەقڵ و ئەدەب
ئیتیحاد باشە خاسە بۆ ئیسلام ئیختیلاف بۆ چیە (لای السبب)
دڵ شکێنی قوتابی کوردان بە زوبانی ئەساتیزەی مەکتەب
هەردوو عونسر لە سایەی عەلەمێ دەدرەوشێتەوە بە دوو کەوکەب[٩٢]
ئەستێرەکیان نیشانی فەتح و زەفەر ئەستێرەکیان نیشانی شەوق و تەرەب

---

٩١- ساڵێک لە بەغدا ئەزیەت و ئازاری خوێندکاری کوردیان داوە، مەلای گەورەش بەم شیعرە هەستی خۆی دەربڕیوە.
٩٢- کەوکەب: واتە ئەستێرە.

## له بەینی تورک و ئێران

له بەینی تورک و ئێران میللەتی کورد
وەکو... مابەینی دوو بەرد
له غەدری فورس و جەوری تورکی غەدار
هاوار ئەی عالەم الله کوردە گەل مەرد
ئەوەندە قەومێکی بێ حیس و دەمارە
ئەوی هاتە سەری سوجدەی له بۆ برد
ڕوویان کردە تەکیەو خانەقایان
تەوەڵلایان له عیلمی مەدرەسان کرد
تەپڵ و دومبەک و کەشکۆڵ و ڕشتە
بە تەزبێح و وەکازو سۆڵ و دوو گرد
زۆربەیان بوونە دەروێش و گەریدە
ڕەزیل و مەندە مۆرو ڕووت و ڕەنگ زەرد
لەمەوپێش میللەتێک بوون چست و چالاک
لەمەوپێش میللەتێ بوون عاقڵ و مەرد
هەموویان ڕێک و پێک و موتەحید بوون
هەموویان خۆگرو هەم ڕازو هەم دەرد
له دەوری شا سەلاحەدینی کوردی
چ میللەت نەبووە وەک کوردان لەسەرعەرد
کە هات بۆ ئاسیا لافاوی غەربی
لەگەڵ حەوت پاشای غەربی شەڕی کرد
له کێ بوو تورکی بەد ئەفعال و کردار
له کێ بوو فورسی نا هەموار و نامەرد

چ میللەت بوو لە تووڵ و عورزی حەوت ساڵ
لەگەڵ حەوت پادشای غەربی شەڕی کرد(٩٣)
هەتا ڕۆژی قـــیـــامــەت ئاســیـــایی
دەبا مـــەمنونی کـــوردان بن وەکی عـــەبد
گـەلێ وەک من لە دەردی قـــەومی کـــوردی
سەری خۆی نایە ژێر خاک حەسرەت و مەند
هەناســـەی ســـاردو ئاهی نائومـــێـــدی
لە دەورەم بوویتـــە تەم هەروەک دەمـــاوەند
تەمـاشـای عـەشـرەتی مـیـراو دەلی کـەن
بە سێ جـــار ســـەتوەتی سێ دەوڵەتی برد
لـە ئەوەل زەربـەیەکـی دا لـە تـورکـــــــان
لە ئەســـتـــەنبـــۆلەوە لەرزی خـــوداوەند
دووەم دەردێکی دا ســـــەرداری ئێـــــران
ڕەزا خـــان ئیلیـــتـــیـــجـــای برد بۆ دەمـــاوەند
شـــەقـــێکیش گـــەیاندە ئینگلیـــزی
بە بـازی چوونـە بەغـــداوە لە دەربـەند(٩٤)
وەکـو مـیـراو دەلی پێنج سـەد عـەشـیـرەت
لە کـوردان بۆت بڵـێم بێ مـیـسل و مـانەند

٩٣- مەبەستی شەڕەکانی سەلاحەدینی ئەیوبیە لەگەڵ خاج پەرستەکان (صلیبی) ساڵی (١١٨٧ ز) بە دوواوە توانی لەشکریان بشکێنێ ووڵاتانی ئیسلامی لە دەستیان ڕزگار بکا.
٩٤- ئەو شەڕانەمان دێنێتەوە یاد کە چۆن سوپای ئینگلیز لە دەربەندی سەنگەسەر بە تێکشکاویو پەرێشانی کشانەوە (خۆیان لەبەر جەنگاوەرانی میراودەلی و پشدەریان ڕا نەگرت. (ئیدمۆندس) لە کتێبەکەیا (کورد و تورک و عەرەب) بە درێژی باسی ئەودی کردووە.

**وەڵی چونکی لەگـــەڵ یەک ناتەبانە**
**لە بەینیـــان نیـــە هیچ عـــەهد و پەیوەند**
**لە بەینی مـــیللەتان ســـووک و ڕەزیلن**
**ئەگـــەر چی نایەنە ژێر حـــەد و ژێر عـــەد**
**خـــودایە تۆ تەرەحـــوم بکەی بە کـــوردان**
**بە لوتفی خـــۆت و بۆ خـــاتری مـــحـــەمـــەد**

لە کاتی خۆیدا شێخ محەمەد ئاغای گەردی لە گوندی ئەشکەوت سەقا دادەنیشێت، حاجی مەلا دەروێش مەلای گوندی « سماق شیرین » دەبێ سوختەو فەقێی حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە بووە، لەبەر ئازایەتی و زیرەکی پێی گوتووە « مەلا نێرە » پاشان لای مەلای گەورەش دەخوێنێ پیاوێکی زاناو بە جەرگ و هەق پەروەر بووە، شێخ محەمەد ئاغا داوای لێ دەکات (فتوایەک) دەربکات زەکات بدرێت بە ئاغاکان!!.. مەلا مستەفاش هەڵدەستێ نامەیەک لەم بارەیەوە بۆ مەلای گەورە دەنێری ئەویش واتە جەلیزادە بەم دێڕە شیعرە وەڵامی دەداتەوە:

## زەکاتی مەڕو بزن

**زەکـــاتی مـــەڕو بزن     بۆ زاڵـمـەکـانی مـەزن**
**مـەلا دەسـتی خـۆ گەزن     سـەیری ئەوێ سـەیرانێ**
**زەکـات لەبۆ ڕەئیـسـان     یا بۆ دەسـتەی ئیبلیـسان**
**مـەلا بمرن لە برسـان     سـەیری ئەوی سـەیرانێ**
**مـەلامـان بێ مـوڵک و مـاڵ     ئاغـامـان رووت و ڕەجـاڵ**
**شـێخمـان بێ کەشف و کەماڵ     سـەیری ئەوی سـەیران**

## لەم لاو ئەولا

لەوکاتەی کە بۆ یەکەم جار کۆمەڵە شیعرەکەی جەلی زادە لە چاپ درا شاعیری ناودار (عبدالخالق ئەسیری) ئەم پارچە شیعرەو نامەیەکی پڕ ستایشی بۆ جەلی زادە ناردووە.

**فەلسەفەی دینت وەکو شێخی غەزالی خستەدەر**
**فیکری سوقراتت لەزیهنە عەقلی لوقمانت لەسەر**
**شارەزای گوێ زەویت زیاتر لەعیلمی (بولفیدا)**
**خۆ نەشت کردووە بەهیچ لایەکیدا گەشت و سەفەر**
**نەشری عیلم روحی تۆ مانەندی فەخری رازیە**
**بیری ماسۆنی لەمێشکی لاوی کورد بوو دەربەدەر**
**خەتمەعیملی عەقل و ئەقلی لەسەرتۆ هەردووکی**
**ئیبن روشدی ئەندەلوسی عیرفانی وابووبێ مەگەر**
**ڕێی خورافاتت بڕی بنیادی فێڵی شێخەکان**
**بوو بەدیوانی شیرین و ڕۆشەنت زێڕو زەبەر**
**ڕەهبەری ڕاهی سەعادەت مورشیدی دینی موبین**
**عیلم و مەعلوماتی تۆ بۆدینی ئیسلامە چەپەر**
**ڕاستی و حەق و حەقیقەت چی بێ بێ پەروا دەڵێی**
**پێشڕەوی ناکەی لەهیچ تەعنێکی نافامی حەزەر**
**شیعری پڕ ماناو چاکت بۆتە دەستووری عەمەل**
**لاپەڕەی گوڤارەکانت بۆتە کانی خێرو فەر**
**هەر چەنی مەدحی جەنابت کا (ئەسیری) هەرکەمە**
**بۆ (جەلی زادە) دەبێ هەڵبەستری تاقی زەفەر**

لە دەستخەتەکەی (نەجیبەخان)ی ئەم چوار دێڕ شیعرەی مەلای گەورە نووسراوە و لە بلاونەکراوەکانە:

**تەریقەت بوو ژەهری قەومی کوردی**
**بە بایدا غیرەت و ناموس و مەردی**

**ئەوانی دەوڵەمەندن خەریکی عەیش و نۆشن**
**سەر ئامودانی عیرفان دائیم مەست و سەرخۆشن**

## کۆچی ماڵ ئاوایی

مەلای گەورە وەکو کە خۆی گوتویەتی لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا توشی ژانە زگ هاتوە و لە قۆناغە درەنگەکانی ژیانیدا لێی کردۆتە زگ بڕینی (قورحەی مەعیدە) بۆیەش پارێزی لە زۆر تەرزە خواردن دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ژانە زگ ئەزیەتی هەر دەدا. وەک دەبینین ئازار و گلەیی خۆی لە باری تەندروستیەوە بەم شیعرە چوارینە دەربڕیوە دەڵێ:

**لە لایێ مێش و لایێ ژانی مەعیدە**[٩٦]
**لەلایێ کۆخەی وا زۆر بەشیدە**
**تەحەمول ناکرێ ئەو دەرد و ڕەنجە**
**تەرەحوم کەی خوداوەندە بە بەندە**

لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٤٣ دەچێتە کەرکووک، شەوێک لای سەید ئەحمەدی خانەقا میوان دەبێت، لە وێشەوە دێتە هەولێر بۆ سەرەخۆشی کردن لەکەس و کاری مەلا ئەفەندی چونکە لەبەر ناساغی کاتی مردنی مەلا ئەفەندی هەر چەندە دۆستایەتی و ئاشنایەتیان برایانە بووە بەڵام نەیتوانیە بچێتە تازیەکەی. لە ١٨ی حوزەیرانی هەمان ساڵ دەچێتە مووسڵ لە ماڵی قادر ئەفەندی کۆیی میوان دەبێ، لە وێوە دەیبەنە خەستەخانە. ئەوکاتە مەجید پاشا یەعقوبی پارێزگاری مووسڵ بووە، لە ڕێی پزیشک و کار بەدەستانی خەستەخانەکە هەوڵ دەدا بایەخ بە باری تەندروستی و چارەسەرکردنی مەلای گەورە بدرێت، بەڵام وا دیارە نەخۆشیەکەیان دەستنیشان نەکردووە و سارێژکردنی زگ بڕینی لە توانای پزیشکانی ئەوسا نەبووە. ئەو ددانانەی کە ماون هەمووی بۆ دەکێشن گوایا بوونەتە هۆی نەخۆشیەکە. هەروەها زگ شۆریی بۆ دەکەن هەندێک دەرمانیشی دەدەنێ. دووای دووهەفتە لە ٣ی

٩٦- لە سەردەمی مەلای گەورە کۆیە کارەبای نەبووە، ساڵی ١٩٥١ کارەبا هاتە کۆیە.

تەمووز لە خەستەخانە دێتە دەر بەرەو هەوار دەکەوێتە رێ پاش ئەوەی کە دەچێتە پردێ لای سەلیم ئاغا کە خێزانەکەی (رەعبە خان) خوشکەزای بووە. لە١٤ی تەمووز دەگاتە کۆیە. پاش ١٠-١٢ رۆژێک چۆتەوە چنارۆک[٩٧] هەست بە ساغی و چاکبوونەوە دەکات بەڵام زۆری پێ ناچێ دووبارە دەکەوێتەوە ژێر ئازار. ئەو ئێش و ئازاردش رۆژ بەرۆژ لە زۆربوندا بووە ناچار دەبێ هاوینە هەوار بەجێ بیلێت و بگەرێتەوە کۆیە. هەرچەندە دکتۆر نەجیب[٩٨] سەرپەرشتی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی دەکرد بەڵام باری تەندروستیی بەرەو ئاڵۆزی رۆیشت. زۆربەی دائیشتوانی شاری کۆیە و دەرەوەی بۆ هەواڵ پرسین دەچونە لای. سەرەرای ئەو دەردە پر ئازارەشی مەلای گەورە بە جەرگ و خۆراگر بوو، زەردەخەنە و قسە بەنرخەکانی هەر لەسەر زار بوو. ئیتر ئەو نەخۆشیە درێژەی کێشا و گۆشە بەندی سەر جێگای کرد تا لە چێشتەنگاوی رۆژی سێشەممە (١٢/ ١٠/١٩٤٣) دەستی بە خوێن هێنانەوە کرد لەو کاتەدا دکتۆر نەجیب و شێخ نوردەدینی برای و مامۆستا مەسعودی کوری و زۆر لە خزم و دۆستەکانی لای دانیشتبوون، دەستی هەڵبری و ماڵ ئاوایی لێ کردن پاشان رووی لە دکتۆر کرد گوتی (دکتۆر بە دوعا ویداعێکی ئەبەدی) ئەوەش دووا وتەی بوو لە ژیاندا. بەم جۆرە ئەو مرۆڤە مەزنە لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا ماڵ ئاوایی لەم خاک و هۆزە خواست کە هێزی مێشک و دڵ و زمانی لە پێناو ئازادی و بەختیاریی ئەواندا بەخت کردبوو.

---

٩٧- چناروک: لە قەد چیای هەیبەسولتانە لە دیوی رۆژهەڵات بەسەر دەشتی بیتوێندا دەروانێت. هاوینە هەوارێکی فێنک و پر رەز و باغ و میوەجات بووە و مەلای گەورە هاوینان لەو هەوارگە خوشە بەسەر بردووە.

٩٨- دکتور نەجیب: پزیشکێکی (قبطی) میسری بوو ساڵی ١٩٤٠ هاتۆتە کۆیە. دکتورێکی شارەزا و هوشیار بووە لەگەڵ ژیانی کوردەواری و کۆیە تەواو گونجاوە بەهۆی ئەوەوە (خەجاو خان) کچی جەلیل ئاغای حەوێزیی مارە کردووە و بووتە موسڵمان. ساڵی ١٩٤٦ هاتوتە هەولێر لەوێشەوە بە ماڵ و منداڵەوە ساڵی ١٩٤٧ بە یەکجاری کوردستانی بەجێ هێشتو لە (لبنان) جێنشین بووە.

پەیامی کارەساتی کۆچ کردنی جەلیزادە وەک بروسکە بە هەموو لایەکدا بڵاوبۆوە. کۆیە بەجارێک شڵەژا، بازاڕ و دوکان هەڵگیرا، گەورە و بچوک، ژن و پیاو پێ هەژان. هەموو بە گریان و باوکەڕۆ روویان کردە ماڵی مەلای گەورە و مزگەوتی مەلا ئەسعەدی باپیری. بەڕێوەبەر و مامۆستا و قوتابیان بە ئالای رەش رێزیان بەست، قایمقام و دەستە و دایرەی سەرا کار و فرمانیان بەجێ هێشت، کۆچە و کۆلان و سەربان و شەقام دەرزی لێی نەدەکەوتە سەر ئەرزی، مەلا و زاناکانی ئاینی لە دەوری تەرمەکە دەگریان و قورئانیان دەخوێند تا ئەوەی لە گەرمەی ئەو تێک قژان و فرمێسک رژان و خەم و پەژارەدا مەلا مەعسووم کە دڵسۆز و خۆشەویستی مەلای گەورە بوو یەک بەخۆی هاواری کرد: برایان مەلایانی بەڕێز، دانیشتوان ئەوە مەجلیسی ئیجازەی مەلای گەورەیە، هەی، هاوار.. هەر هەندەی توانی بڵێ ئیتر کەس خۆی بۆ نەگیرا و هەموو لە قوڵپی گریانیان دا. خەم و داخی ئەو رۆژەی خەڵکی شاری کۆیە کە بۆ مەلای گەورەیان نواند لە مێژووی کۆیە نەدیترابوو. هەروەها لەکاتی بەڕێکردنی تەرمەکەدا نمە نمە باران دەباری، قایمەقام گوتی: وا دیارە ئاسمانیش بەشداری خەممانە.. بەم شێوەیە لە گۆڕستانی دەروێش خدر[٩٩] بە خاکی پاکی کوردستان سپێردرا.

وەک لە میرزا محەمەد ئەمین کوڕی میرزا قادر بیستراوە، پێشەوای نەمر قازی محەمەد و ئەندامانی (ژ-ک) بە کۆچی جەلیزادە زۆر نیگەران و غەمبار دەبن، لە هەموو مزگەوتەکانی مەهاباد کۆڕی ماتەمیان بۆ بەستووە، زانا و نیشتمان پەروەران و زۆربەی دانیشتوانی شارەکە بەشداریان کردووە کە حەوت شەو و رۆژ دەخاینێ[١٠٠] لە لایەن ژیانەوەی کورد (ژ-ک) ئەم پارچە هەڵبەستە بە سۆزەی خوارەوە بۆ بنەماڵەی جەلیزادە نێرراوە:

---

٩٩- دەروێش خدر: گورستانێکە دەکەوێتە بەشی رۆژهەڵاتی کۆیە.

١٠٠- لە چونیەتی کوچ کردن و شێوەی ناشتنی مەلای گەورە سودم لە ماموستا مەجید نوردەدین وەرگرتووە کە خوی شاهید حاڵ بووە.

ئەورۆ غـــەوغـــايەک هەڵســـتـــاوە لە دەشت و شـــاری کـــۆ
ئاســـمـــان ســـەرســـام و مـــاتە عـــەرد دەکـــا داد و برۆ
عـــەرشی ئەعـــزەم مـــاتەمـــينە چەرخی دەوار پڕ غـــەمـــە
ئەو زەمـــانی دوون لە حـــەســرەت چاو بە فـرمـێـسک و تەمـە
شين و گـــريانە لەناو کـــەژ و بيـــابانی ئاســـمـــان
پۆل بە پۆل خـــەيلی مـــەلائيک وا دەکـــەن ناڵە و فـــيـــغـــان
کـــورەيی عـــەردی دەلەرزێ وەخـــتـــە مـــەداری تێک بدا
ڕۆژ دەڵێ (شـــەوقم بڕا) وەخـــتـــە ئيـــتـــر شـــەوقێ نەدا
مـــانگ و ئەســتـێـرە هەمـــوو بێ نوور مـــاون بێ ضـيـــا[١٠١]
جـــەمـــعی مـــەخلوقـــاتی عـــالەم واقـــە لەم ئەمـــری خـــودا
من کـــەوام زانی بە ئەو حـــاڵـــە فـــيـــراقم کـــەوتە دڵ
مـــامـــەوە حـــۆڵ و ســـەراســـيـــمـــە بەبێ هۆش و عـــەقڵ
پرســـيم ئەم حـــاڵ چيـــە داخـــۆ کـــە ڕۆژی مـــەحـــشـــەرە؟
دەنگێکی غـــەيبی گـــوتی: حـــوکـــمی جـــەلالی ئەکـــبـــەرە
دەســـتـــەکـــەی قـــودرەت نواندی زۆری باسک و شـــانی خـــۆی
دای لە نيـــشـــانەی ئەجـــەل تيـــری بەبێ ئامـــانی خـــۆی
شـــيـــوەن و زاری وەفـــاتی مـــەعـــدەنی ســـيـــدق و ســـەفـــا
تەعـــزيەی کـــانی کـــەرامـــەت ناڵەيی ئەهلی وەفـــا
يەعنی زاتی ئەقـــدەسی (مـــەلا مـــحـــەمـــەد) بابی عـــيلم
مـــەنبـــەعی زانين و عـــيـــرفـــان و ئەدەب، ئەربابی حـــيلم
رووحی وەک تەيرێکی قـــودسی هەڵفـــڕی بۆ نێـــو بەهەشت
کـــورد هەمـــوو رەشپـــۆش و گـــريانە لەســـەر کـێـــوان و دەشت
ئەی فـــەلەک خـــانەت خـــرابێ چەرخـــەکـــەت لێ وەرگـــەڕێ
پێت وەبێ بەو شين و جـــۆشـــە بەحـــرەکـــانت هەڵگەڕێ

---

١٠١- ضياء: واتە ڕۆناکی.

**حـەیف و حـەسـرەت سـەد هەزاران دەرد و داخ و وا ئەسـەف**
**شـوێنەواری کـورد بڕا ئەم پشـتـیـوانەی چوو لەکـەف**[۱۰۲]
**ئەی خـوا... بڕژێنە وەک بارانی رەحـمـەت رەحـمـەتت**
**بۆ سـەری روحی (مـەلا) و قـەبری هەتا بێ نیـعـمـەتت**
**کـۆمـەڵەی (ژێ- ک) و ئەندامـانی شـەریکی مـاتەمن**
**وا لەگـەڵ بـازمـەندەگـانی هاو دەرد و هەم غـەمن**
**عـەرزی تەسلیـەت بەجێ دێنن لە جـیـاتی قـەومی خـۆ**
**بەو وەسـیلەی مـەرسـیـە لەو باقی مـاوانەی لە کـۆ**
**چاوی پڕ خـوێن و لێـلاوی دەسـتی بێ تاقـەت بەیان**
**وا لـە ئـەم زایـەعـەـه چۆن نـابـێ لاڵ زار و زمـان**
**مـادەی تـەریـخی وەفـاتـی بـوو زوو بـەزوو**

**- بێژەن -**

پیرەمێرد شاعیری مەزنی کورد لە رۆژنامەی (ژین) پاش بڵاوکردنەوەی پەیامی کۆچ کردنی حاجی ئەحمەد ئەفەندی قوتب زادە لە ژێردوە بەم جۆرە شێودن بۆ جەلیزادە دەکات:

**ئۆف نەمردم مەرگی ئەویشم دی      با ووجود دووای مەلای کۆیە**
**ئیـتـر غـەم مـاتەم ئەلەم هەم      بـــا هـــەمـــووی بـــێ**
**(پیرەمێرد)**

---

۱۰۲- کەف: واتە ناو لەپی دەست.

شـاعـیـری ناودار (دڵـزار) بە بۆنەی کـۆچی دووایی مـەلای گـەورەوە ئەم چوارینەی لە ژێر وێنەکـەیدا لە مـانگی تشـرینی یەکـەم سـاڵی ١٩٤٣ دا نووسیوە:

**ئەم وێنەیە بێ گـیـانە وەلێ ناو و نیـشـانی**
**هەر زیندووە تا چەرخی فـەلەک هەیبێ گـەڕانێ**
**بۆ نووسـەر و زاناو شـوعـەرا قـەت نیـە مـردن**
**مـردوو نیـە هاوبیـری فـەلاتونی یۆنانی**

هەروەها محەمەد تۆفیق ووردی[١٠٣] لە بەغداوە هەڵبەستێکی شێوەنی ناردووە، مـاوەی مـانگێک بەسـەر کـێلەکـەیەوە دەمـێنێت پاشـان ون دەبێ، شیعرەکەش بەم چەشنە دەست پێ دەکات:

**هەزار داخ و هەزار مـەینەت لـەبەر زانـا و ژیـانی کـورد**
**هەمـوو کـەس پەست و رەش پۆشن ئەرەسـتۆ و قـارەمـانی کـورد**

١٠٣- محەمەد توفیق ووردی: لە ١٩٢٤ لە کۆیە لە دایک بووە. شاعیر و نووسەرێکی بە توانا بووە و بەرهەمی زۆر بووە. لەم دووایییەدا گـەلێک نامـیلکە و کـتـێبی بە عەرەبی و کوردی بە چاپ گـەیاند، ماوەیەکی زۆر تا کـۆچی دوایی هەر لە بەغدا ژیا هەر چەندە مـاموسـتای قوتابخانە بوو بەڵام لە پێناو کوردایەتی و نیشـتمان پەروەریدا ئەشکەنجە و دەربەدەری دیوە. لە رۆژی ٣/١٢/١٩٧٥ لە بەغدا کـۆچی دوایی کرد و هەر لەوێ نێژرا.

له شوێنێکی تردا دەڵێ:

**سوئالم کرد چ قەوماوە مەگەر مەحشەر هەڵستاوە**
**یەکێ لەم سەوزە پۆشانە جوابی دام بە پەنهانی**
**(محەمەد) ؟؟؟؟ هەم خاوەنی خوڵقی عەزیی ئەو**
**جەلیزادە ئیمامی عالەمێ بوو گۆهی عیرفانی**

لەم دوایەدا مەلا ئەحمەد کوڕی حاجی مەلا محەمەد نوور پارچە شیعرێکی شیوەنی باوکی بۆ ناردم کە ئەویش سوختەو فەقێی جەلیزادە بووە ئیجازەشی لەو وەرگرتوە سەرەتاکەی بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

**موسڵمانان چ قەوماوە عیراق واپڕ لە ئەفغانە**
**بەڵێ سەرداری عالەم چوو هەموو کەس دڵ پەرێشانە**
**لەچاو ئاوو لەدڵ خوێنە دەڕێژم هەر وەکو جۆگە**
**نەما سەبرم لەبەر چاوم کە دونیا عەینی ریندانە**

کاک ئەنوەر سەید أحمەد پارچە شیعرێکی درێژی شیوەنی بە بۆنەی کۆچی دووای جەلیزادە داناوە کاتی خۆی لە نامیلکەی چاپکراوەکەی پێشومدا (چاپی نەجەف) بڵاو کرایەوە سەرەتاکەی بەم شێوە دەست پێدەکات:

**دووبارە ئەوا لەشکری غەم هێرشی هێنا**
**تا زەبری دەستی دانەوەشان وازی نەهێنا**
**کوردینە وەرن با بگرین ڕۆژی گرینە**
**جان و جگەرەم پڕ لە خەم و دەرد و گرینە**

# سەرچاوەکان


١- سنتان في كوردستان- تاليف دبليو- ئارهى- وەرگێڕ- فؤاد جميل- مطبعة الزهراء.

٢- کورد و تورک و عەرەب- جی- جی ادمۆندز- وەرگێڕانی جرجیس فتح الله مطبعة التايمس- بغداد- ١٩٧١.

٣- ئەسیری شاعیرێکی شۆڕشگێڕی قۆناغی حاجی قادری کۆیە- کەریم شارەزاو جەبار جەباری- چاپخانەی- شارەوانی هەولێر- ١٩٧٤.

٤- بنەماڵەی زانیاران- مەلا عەبدولکەریم مدرس- چاپخانەی شەفیق- بەغدا ١٩٨٤.

٥- علماء ومدارس في اربيل- زبير بلال ئیسماعیل- مطبعة الزهراء الحديثة- الموصول ١٩٨٤.

٦- گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ١١ ساڵی ١٩٤٤.

٧- مجموعة مذكرات المجلس التاسيسي العراقي ١٩٢٤ (جزء- ١- ٢).

٨- کۆیەو شاعیرانی- مامۆستا کەریم شارەز.

٩- مێژوی کۆیە- بەرگی یەکەم و دووەم- مامۆستا تاهیر أحمەد حەویزی.

١٠- دیاری مەلا محەمەدی کۆیی- چاپخانەی هەولێر.

١١- مجلة الثقافة- ژمارە- ١- ساڵی ١٩٨٤.

١٢- ثورتنا في الشمال- عبدالمنعم غولامي. الجزء الاول- مطبعة شفيق ١٩٦٦.

١٣- گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە- ١٨٠ ساڵی ١٩٨٥.

١٤- دیوانی حاجی قادری کۆیی کەریم شارەزاو سەردارمیران- پێداچوونەوەی مەسعود محەمەد ١٩٨٦.

١٥- حاجی قادری کۆیی- بەشی یەکەم و دووەم- مامۆستا مەسعود محەمەد چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا ١٩٧٣.

١٦- ديوانه دەست نوسەكەی مەلای گەورە لای خوشكە نەجيبە.
١٧- چاو پێكەوتن و دانيشتنی تايبەتی لەگەڵ مامۆستا مەسعود محەمەد.
١٨- المصقول في علم الاصول- دانەری مەلای گەورە- تحقيق عبد الرزاق بيمار چاپی يەكەم- ١٩٨١- بەغدا.
١٩- دەست نوسەكەی نەجيبە خان- كچی جەليزادە.
٢٠- ژين ژمارە- ٧١٥-
٢١- چاوپێكەوتن و دانيشتنی تايبەتی لەگەڵ نەجيبە خان.
٢٢- كەس و كار و خزمانی جەليزادە بە تايبەتی مامۆستا مەجيد نورەدين.
٢٣- المطالعة التوجيهية- بۆ پۆلی شەشەمی دووا ناوەندی.
٢٤- حەماغای گەورە- مامۆستا مەسعود محەمەد.
٢٥- ڕوحی مەولانا خاليد- مەحمود أحمەد محەمەد.
٢٦- الموسوعة العربية الميسرة الطبعة ٢- القاهرة- ١٩٧٢.
٢٧- المنجد في اللغة والاداب والعلوم طبعة ١٩ بيروت ١٩٦٦.
٢٨- شەرفنامەی شەرەفخانی بەدليسی- وەرگێڕانی هەژار- ١٩٧٢- كۆڕی زانياری كورد.
٢٩- من عمان الى العمادية- سەيد عەلی گۆڕان.
٣٠- ڕۆژنامەی هاوكاری ژمارە ٨٨٠- ساڵی ١٩٨٧- ووتاری لە يادی نەمراندا- ئومێد كاكە ڕەش.
٣١- يادداشت بەشی پێنجەم- مامۆستا ڕەفيق حيلمی- ١٩٥٧ چاپخانەی مەعاريف.
٣٢- اعلام الكرد- مير بصری چاپی لندن ١٩٩١.
٣٣- ديوانی خادم- ١٩٨٠- دار الحرية- بەغدا.
٣٤- گەشتی ژيانم- مامۆستا مەسعود محەمەد.

## پێڕست


- مەلای گەورە ........................................ ٥
- پێشەکی ........................................ ١١
- ژیانی مەلای گەورە ........................................ ١٥
- جەلیزادەو پایەی میری ........................................ ١٨
- خاسیەتەکانی جەلیزادە ........................................ ٢٢
- هۆی گیانی سەربەرزی و نەبەردی جەلیزادە ........................................ ٢٧
- هەندێک هەڵوێستی سیاسی ........................................ ٣٠
- ڕووداوێکی تر ........................................ ٣٣
- مەلیک فەیسەڵی یەکەم لە سەردانێکی هەولێردا ........................................ ٣٦
- مەلای گەورەو باری سیاسی ........................................ ٣٧
- مەلای گەورەو باری کۆمەڵایەتی کۆیە ........................................ ٤٣
- مەلای گەورەو کۆششی کۆمەڵایەتی ........................................ ٥٣
- مەلای گەورەو مافی چارەنووس ........................................ ٥٩
- مەلای گەورەو شێخەکان ........................................ ٦٩
- مەلای گەورەو جەژنی نەورۆز ........................................ ٧٣
- دەقی گوتارەکەی مەلای گەورە لەسەر نەورۆز ........................................ ٧٥
- جەلیزادەی زاناو ئەدیب ........................................ ٧٦
- کل مافی الکون ........................................ ٧٨
- فڕی فڕی قەل فڕی ........................................ ٨٠
- جەلیزادە شاعیر ........................................ ٨٩
- دیوانی مەلای گەورە ........................................ ٩٩

- من یەخەی خۆم لەبۆیە دادەدڕم ........................ ١٠١
- لای لایێ ........................................ ١٠٤
- ئاهو ناڵە ....................................... ١٠٥
- هەتا شێخێ بمێنێ .................................. ١٠٧
- ئەگەر عیزت دەوێ .................................. ١٠٩
- هەستە پێشکەوە .................................... ١١٤
- ئاواتـی دووا ڕۆژ .................................. ١١٦
- دەڵێن باران بە ئەمری شێخ دەباری ................... ١١٧
- ئەم میللەتە ...................................... ١٢٠
- سێ برام هەن ...................................... ١٢٢
- ئامۆژگاری ....................................... ١٢٣
- مەهدی دێتەدەر .................................... ١٢٦
- منیش هەر وەکو غاندی .............................. ١٢٧
- بە تەما نیم لە میللەتی کوردی ....................... ١٢٨
- خۆزی ئیمامی ڕازی ................................. ١٣٠
- هەناسەی نەوتاوی ................................... ١٣١
- ژیانی وا بە ئالام .................................. ١٣٦
- ئەم خاکە ........................................ ١٣٨
- شیودن بۆ سەعدی زەغلول ............................. ١٤١
- عیسا لە ئاسمان .................................... ١٤٣
- ئازاد بوونی ژن .................................... ١٤٤
- شۆخی کوردی ....................................... ١٤٦
- هەواڵی کورد و کوردستان ............................. ١٤٧

